# مەمک، خوێن و ختولکە

**شنە**



بیرتە کاتێ یەکەم جار شیرت دەدا بە کۆرپەکەت، چکەی شیر بە مەمکەکانتدا دەهاتە خوارێ؟ گۆکانی بریندار بوون، خوێنیان لێ دەتکا، تۆ تازەزەیستان بوویت. ناوەوە و دەرەوەت بۆنی خوێنی لێ دەهات. تەنهای تەنها لە نێوان سووری خوێن و سپێتی شیردا سەرگەردان بوویت. چەند جاران بیرت لە بوونە مرۆڤ و بوونە ژن و لە ئارابوونی خۆت دەکردەوە.

خوێن و ژن دوو جەمسەری هەمان خەنجەرن، ژن و خوێن دوانن و مێژوویان پێکەوەیە و لێکدابڕانیان نییە. کە تۆ بوویتە ژن، مەمکەکانت قوت بوون، دوایی خوێنت لێهات و... ئەرێ بەڕاست ئەوە چۆن بوو؟ لە پێشدا خوێنت هات، دوایە مەمکت دەرکرد و دوایە بوویتە ژن یان بە پێچەوانەوە؟ هەر چۆنێك بێت، کاتێ ئەوانە ڕوویاندا، تۆ سوور بوویتەوە و شەرم دایگرتی!

ئیتر ماڵاوا دونیای منداڵی، ئیتر ماڵاوا هاوڕێ کوڕیلەکانی ناو پۆلەکەت و نێو گەڕەکەکەتان. هەر ماوەیەك دوای ئەوە جارجارە لەناخەوە هەستت بە خوتولکەیەکی ناسك دەکرد. خوتولکەیەکی ئەفسوناوی کە نەتدەتوانی لێێ تێ بگەی، تەنانەت بۆ خۆتی بدرکێنی. ئیتر گوێکانت باشتریان دەبیست، ئیدی سەرنجی وشە و پیت و ڕستەی هەموو گەورەکانت دەدا، بەتایبەت کوڕەکان و پیاوەکان. ئەوان ئاشکرا و ئازاد باسی ئەو خوتولکە ئەفسوناوەیان دەکرد کە جارجارە ناخیان دەوروژێنێ. بۆ تۆ ئەو ختولکانە خۆش بوون بەڵام تێکەڵ بوون لە هەستی گوناە و تاوان، تۆ خۆتت بە تاوانبار دەزانی. چۆن دەبێ تۆش هەست بەو ختولکە ناسکە بکەیت؟ تۆ چۆن ئارەزووی لێدانی ژێکانی ڕۆحت بێ، تۆ چۆن؟ تۆ نابێ! ئەوان با، بەڵام تۆ نا! ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر دەبوویت، کوڵمەکانت زیاتر خوێنیان تێ دەزا و مەمکەکانت قوتتر دەبوون. ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر تینووی ئەو ختولکە ئەفسوناویە دەبووی.

گەورەکان گوتیان:

- ئیدی گەورە بوویت وەختی شووتە! ئەوان مێردێکیان بۆ دەستنیشان کردیت، فەرمان درا شووی پێ بکەیت. پیاوێك کە یەکەم جار دیتت، لە چاوەکانیدا ئاگری برسێتیت بەدی کرد. ئەو بە چاوەکانی، تۆی قۆستەوە! ئەو کوڕی ناو خەونەکانت نەبوو، پیاوێکی دوو تەمەن لە تۆ زیاتر، بەڵام تەڕزمان و تەڕپۆش بوو. لە هەمووی گرنگتر بۆ گەورەکانی تۆ ئەوە بوو کە کابرا گیرفانی پڕ بوو! چەندیان گوتبا بۆ نرخی تۆ، ئەو سەری بەبەرەوە نەبوو. کڕیارێکی دەستبڵاو بوو، تۆش بۆ ئەو کاڵایەکی نایاب! ساتێك کە بیرت کردەوە، زانیت شوو بە مانای زۆر شت، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش، مانای گەیشتن بە تامی ڕاستەقینەی ختولکەش! لەو جیهانە بچکۆلانەی تۆ کە هێشتا پێیەکت لە دونیای منداڵی و ئەوەی دیکەت هەنگاوی دەنا بۆ گەورەیی، سانا نەبوو شتەکان لێکبدەیتەوە و دەرکیان بکەیت. تۆ خەیاڵ و خەونە ورد و ناسکەکانت خستبووە تای تەرازوویەکی دروستکراو بە پەڕەی نەرمونیانی دوو چەپکە گوڵە کێویلەی بەهارە، ڕەنگاوڕەنگ هەر وەك پەلکەزێڕینە. تەرازوویەکی چێکراوی دەستی هەرزەکارێك کە خۆت بوویت. لەو ساتەدا ختولکە لە هەموو شتێکی تر زەقتر و ئاشکرا تر دیار بوو. جگە لەوەش، مەگەر تۆ دەتتوانی شتێ بڵێیت؟ مەگەر تۆ هیچ دەسەڵاتت هەبوو؟! زانیت تازە فەرمان دەرچووە، بڕیار دراوە، کەواتە هەرچییەك بێت، هەموو لا خراپەکانی بە لایەك و گەیشتن بە تامی ختولکەش بە لایەکی دیکە. ئەودەم تۆ جگە لە هەرزەکارێك، کەسێکی تر نەبوویت.

شووت کرد، هەر لە یەکەمین ساتەکانەوە زانیت تۆ نێچیریت و ئەو ڕاوکەر. ڕاوکەرێکی ئاساییش نا، بەڵکو دڕندە، هەموو سات و کاتێ دەبوا تۆ ئامادەی خۆبەدەستەوەدان بیت. بە کاوەخۆ خوتولکە و ئارەزووەکان بوونە ئازار، شوو بووە مانای ڕەنج و خوێن.

کات تێپەڕی و تۆ خۆتت دیتەوە کە لەناو بۆنی خوێن و شیردا دەگلێی، نازانی ئەمەیان بۆ، ئەی ئەوی تریان بۆ؟ بوویتە ژن، تەنها بۆ بەرهەمهێنانی شیر و خوێن؟ مەمکە گەورە پڕ لە شیر و ئاوساوەکانت لەتاو ئازار زریکەیان دێ. ئەو مەمکانەی کاتێ یەکەم جار خوێنت لێ هات، خۆیان تورت و گۆکانیان قوت بوونەوە. ئارەزوویان بوو ختولکە بدرێن، ئارەزویان بوو دوو دەستی میهرەبان بیانلاوێنێتەوە، دوو لێوی گەرم ماچیان کا، وەکو گوڵ بۆنیان پێوە بکات و نازیان بکێشێ. ئەودەم تۆ لە ئارەزوەکانت ترسای! بیستبووت دەبێ هەر "ئەوان" ئارەزووی تۆ و ختولکەدانی تۆ بکەن. تۆ تەنها کەرەستە و ئامرازی، دەبێ لە خزمەت ئەواندا بی، تۆ بۆ وان دروست کراوی. هەر وەك نەنکت بۆ باپیرت، دایکت بۆ بابت، خوشکت بۆ زاواکەت، کچەکانی داهاتووت بۆ زاوکانی داهاتووت!

کاتێ شووت کرد، نا بەر لەوە، ژنانی پێش تۆ پسپۆری خزمەتی پیاو و بەجێهێنانی ئارەزووەکانیان، ئامۆژگارییان کردی، گوتیان:

- ڕۆڵە، نەکەی ئاممان هەرگیز بڵێیت نا! پیاو پیاوە و پێویستیەتی. ئەوە ئەرکە و دەبێ بەجێی بهێنی. ئەگینا...

ئەوکات خاترجەم بوویت، ئارەزوو و حەزەکانی تۆ ویستی نابەجێن و هەر لەبەر ئەوە تۆ دەبێ چین چین ئارەقی شەرم هەڵڕێژی. کاتی حەزکردن و حەزنەکردنی تۆ لە هیچ فەرهەنگێکی ئەودا جێی نابێتەوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو حەزەکانی تۆ مانای بێئابڕوویی! هەموو شەوێ، کاتی تاریکی باڵی ڕەشی بەسەر بنمیچ و چواردیواری ژوورەکەتاندا دەکێشا. دەتزانی وا ئێستا دێتەوە ، ئامادە بە! لەشی زلی و بۆنی هەناسە و ئارەقی و غڵمەغلم و هات و هاواری وەکو جانەوەرێکی برسی دەچوو، وەکو کەمتیارێکی ناقۆڵا کە ئاسکێکی چاوکەژاڵ و سرك ڕاو بکا و قاچ و قولە باریکەکانی بلیسێتەوە؛ لەت لەتی بکات و خوێنی بمژێ. کاتێ دەستە زلە دڕندەکانی بەسەر مەمکەکانتدا دەهێنا. هەر دەست پیاهێنانێك گیانکێشانێك بوو. بۆ تۆی مرۆ کە لای ئەو تەنها جەستە بویت، پلەگۆشتێکی نەرم و شل بۆ چێژوەرگرتن...

ئەوەندە لە خزمەتیدا بوویت، بێزت دەهاتەوە، ئازارت دەبوو و دەتویست هاوار بکەیت نااااااا! ئەو برسی دەبوو، کە تێر دەبوو بە خواردنی تۆ ئیدی بێ وتەیەك پشتی تێ دەکردی تا شەوی داهاتوو، تا شاڵاوێکی تر. دوای ئەوە ئیدی تۆ خەو نەدەچووە چاوەکانت، لەنێو جێگا بۆن ناخۆشەکەتاندا تا بەرەبەیان گینگڵت دەدا، ئەمدیو و ئەودیوت دەکرد، ڕقت لە خۆت، لە خوێن، لە مەمك، لە هەموو هەستی ختولکەیەك کە هەتبوو دەبووەوە، ئارەزووت دەکرد کاتژمێر بۆ دواوە بگەڕێتەوە تا مێژوو بوەستێنی، تا ڕێگا لە خوێن، لە مەمك، لە ختوولکە بگری ئیدی دروست نەبن، ئیدی لا ئارادا نەبن! بریا ئەو ڕۆژەی خوێنت لێ هات مردبای! بریا ئەو کاتانەی هەستت کرد کە پێستی سەر سنگت خەریکە هەڵدەماسێ و بەرزدەبێتەوە و بناغەی مەمك دادەنێی، مردبای یان هێزێك هەبایە بیوەستاندایە، بیتواندایەتەوە.

ئەی ختولکەی ڕۆحت؟ ئەی ئارەزووە نهێنییەکانت کە نەتدەوێرا تەنانەت بۆخۆتی بدرکێنی؟ هاتەوە یادت پێش شووکردنت، ڕۆژێك بۆ یەکەم جار لە پەنا دیوارێ بە ئەندازەی هەنگاوێك، لە شازادەی ناو خەیاڵەکانتەوە نزیك وەستابوویت. ئێوە تەنها نەبوون. بەڵام تۆ جگە لە خۆت و ئەو کەسی دیکەت نەدەدی. دەتویست ڕەشەبایەك هەڵکا و ئەوانی دیکە لەگەڵ خۆی بەرێت. دەتویست زەوی بقەڵشێ و هەموویان قووت بدات، تەنها ئێوە بەتەنها پێکەوە بن. جارجار کزەبایەك دەهات، قژی ئەوی بەسەر ناوچەوانیدا دەپژاند، ئارەزووت بوو گوێ نەدەی بەو هەموو چاو و گوێ و زمانەی دەور و بەرت. خۆتی لێ نزیك بکەیتەوە بە پەنجەکانت دانە دانە، تاڵ تاڵ کاکۆڵە لوولەکەی لەسەر ناوچەوانی لا ببەی، قووڵ قووڵ بڕوانیتە نێوچاوەکانی، بە لێوە گەرمەکانت ماچێکی نەرم چاپ بکەیت... دڵت کەوتە لێدان ویستت بۆنی هەناسەی بکەیت. کە گوێت لە چرپە و هەنسکی ڕۆحت بوو، ترسای! ناوچەوانت تێکنا، سەیری هەموو شوێنێك و هەموو کەسێکت کرد جگە لە ئەو، هەرگیز چاوت نەبڕیە نێوچاوەکانی، هەرگیز نەیزانی... دەتزانی ئەو تەنها شازادەی نێو خەیاڵەکانتە، دەنا گەورەکانی تۆ هەرگیز بەو قایل نابن... زریکەی منداڵەکەت وەهۆشی هێنایتەوە، دەگریا شیری دەویست! مەمکت دێشا، ناخت دێشا، ئامادەی ئەمە نیت، تۆ خەریکی چیت؟ تازە خەریکی وردە وردە تێدەگەی چت دەوێ، بەرپرسیارێتی زیندەوەرێکت کەوتە سەرشان. تۆ خۆت تازە خەریکی تێدەگەی چۆن ببیتە ڕابەر و ڕێنیشانەدەری ئەم مرۆڤە نوێیە!؟ چۆن؟ بۆنی خوێن، بۆنی شیر دەوروبەرتی پڕ کردوە. ئێستا لە هەموو کاتێ زیاتر پێویستت بە پیاوێك بوو، پیاوێك لێت تێبگات، پیاوێك هەستی پێزانینت بۆ دەربڕێ هەر بەوە برینەکات سارێژ بن. چەندە تەنها بوویت...

بەڵام بۆ ئەو، تۆ جارێ نیت! جەستەت وەکو ماشینە شکاوەکان جارێ "لەکارکەوتووە"! دەتویست لەسەر پەتۆکەی سەرشانت بە هزووی ڕەش بنووسی "جارێ بەکار نایە"! بەدەم شیردانەوە قاقا پێکەنیت! لەشت هەمووی کەوتە لەرزین، پێکەنین بۆ ئێستا نەبێ بۆ کەی باشە!؟

لەودەمەدا بە ڕێکەوت ئەو هاتە ژوورێ و نەڕاندی:

- بەزیادم نەکرد لە بەیانییەوە تا ئێواری پشتم شکاوە لەژێر کاردا، تۆش ئاوا پان بوویتەوە قاقا پێدەکەنی!

لێت نزیك بووەوە پرسی:

- تا کەی ئاوا پان دەبیتەوە؟ بەتەما نیت هەستی؟

ترست لێ نیشت! هەمدیس بەزمەکەیە! سێ شەوە وەکو گورگێکی برسی ئۆقرەی لەبەر براوە و ساتێ لە کۆڵت نابێتەوە. دوو شەوی ڕابوردوو بە هەر بیانوویەك بێت خۆت دەرباز کرد. ئەمشەو چ بکەیت؟ پەنا بۆ کوێ ببەیت؟ زارت هەڵهێنا وەڵام بدەیتەوە، شەپازللەیەکی توند زرینگەی لە بناگوێتا بەرز کردەوە، مستەکۆڵەیەکی هەتا بڵێی بەهێز دەم و ددانەکانتی شەڵاڵی خوێن کرد. مستەکۆڵەکان هەر زیادیان کرد، یەك، دوو، سێ... دەمت، لاچاوت، لاڕانت و ناوزگت... مستەکۆڵەباران کران.

دەتگوت کەوتیتە ئەشکەوتێکی قووڵەوە، بەردی بنمیچی ئەشکەوتەکە ڕووخا بەسەرتا، لەپڕ خۆتت لە چاڵێکی قووڵی تاریکدا بینی، تیشکێکی چکۆڵە بە قەد نووکی دەرزیەك، لە دووووور، لە سەرەوەڕا دیار بوو. تازە درێژترین پێپلیکەی جیهان ناتوانێ بۆ سەرەوەت هەڵکێشێ! تازە تیا چوویت! دەنگی دەرگاکەت گوێ لێ بوو بەهێز پێوە درا... پەنجەرەکان هەژان!

ئیتر هیچی دیکەت لە بیر نایە. چاو دەکەیتەوە، مەمکەکانت زریکەیان دێ. چەند فریشتەی سپیپۆش بە دەورتدا دێن و دەچن. لەپڕ هەست بە ختولکەیەکی یەکجار نامۆ و سەیر دەکەیت. زۆر جیاواز لە ختولکەکانی ڕابوردوو.

ئاخ بۆ دوو لێو مەمکەکانت بمژێ! دوو لێوی ئاسایی نا، دوو لێوی بچکۆلانەی ناسك دوو لێوی کۆرپەیەك، جگەرگۆشەکەی خۆت. فریشتەیەك دێ بە کەرەستەیەکی سەیر و سەمەر شیرت لێ دەدۆشێ. ناخت هاوار دەکات، هەناوت دەکەوێتە زریکە. برسیت دەبێ، تینووت دەبێ، بە هیچ کەس و بە هیچ شتێ نە برسێتیت، نە تینۆتیت ناشکێ، دەزریکێنی: کوا منداڵەکەم؟

دەستی فریشتەکەی بەرامبەرت لەسەر کەرەستەکە شل دەبێ، شیرەکەت دەڕژێ بە دەستی ئەو و بە سنگی خۆتدا. بۆنی شیر و بۆنی خوێن تێکەڵاو دەبن، نەفرەت لە هەمووی! لەسەر گۆناکانی فریشتە سپیپۆشەکە فرمێسك دەبینی و لە نیگاکانیدا بەزەیی.

پڕ بە دڵ دەناڵێنی: منداڵەکەم مرد!؟